# بەربانگ کردنەوە لەگەڵ کەسانی ناموسڵمان

< كوردي >

شێخ محمد صالح المنجد

وەرگێران:دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

# الإفطار مع غير المسلمين

< كردي >

فضيلة الشيخ محمد صالح المنجد

ترجمة: فريق اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عەزيز

# بەربانگ كردنەوە لەگەڵ كەسانی ناموسڵمان

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی ماڵپەڕی ئیسلام پرسیار و وەڵام كراوە :

**پرسیار :** ئایا خواردن و خواردنەوە و بەربانگ كردنەوە لەگەڵ كەسانی ناموسڵمان دروستە، وەك لەگەڵ گاور و هیندۆسەكان ؟

**وەڵام :** سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودروود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنكەوتوانی هەتا هەتایە .

دروستە خواردن و خواردنەوە و بەربانگ كردنەوە لەگەڵ كەسانی ناموسڵمان، ئەگەر هاتوو بەرژەوەندیەكی شەرعی لەو كارەدا هەبوو، وەك ئەوەی بتەویت كە بانگیان بكەیت بۆ سەر ئاینی هەق وڕاستی، یان بتەوێت دڵیان ڕابهێنیت و دڵخۆشیان بكەیت، وئاینی پیرۆزی ئیسلامیان لا جوان وشیرین بكەیت و ئەمانە و هاوشیوەكانی ئەم بەرژەوەندیانە كە ئومێدی ئەوەی هەیە ئەو كەسانە موسڵمان ببن، لەحاڵەتی ئامادە بوونیان لەو جۆرە بەربانگ كردنەوە و خوان ڕازاندنەوانەدا كە موسڵمانان ئامادەی دەكەن بۆ بەربانگ كردنەوەی گشتی، هەروەك لە هەندیك وولاتاندا ساز دەكرێت،،، بەڵام ئەگەر تەنها بۆ ئەوەی بێت دڵیان خۆش بكەیت بە هاوڕێیەتی و موجامەلە كردنیان، ئەوە كارێكی مەترسیە و ( دروست نیە ) چونكە بیروباوەڕی پشتیوانی كردن و خۆبەری كردن ( الولاء والبراء ) لە هەرە خاڵە گرنگەكانن كە ئاینی پیرۆزی ئیسلام پێداگری لەسەر دەكات، وە یەكێكە لە واجبترین واجبەكانیش لەسەر باوەڕداران، زۆرێك لە ئایەتەكانی قورئانی پیرۆز و فەرموودە صەحیحەكانی پێغەمبەری خوداش ( صلى الله عليه وسلم ) بەڵگەن لەسەر ئەمە پرسە، لەوانەیش : -

خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ لا تجد قوما يؤمنون بالله واليوم الآخر يوادون من حاد الله ورسوله ولو كانوا آباءهم أو أبناءهم أو إخوانهم أو عشيرتهم أولئك كتب فى قلوبهم الإيمان وأيدهم بروح منه ويدخلهم جنات تجرى من تحتها الأنهار خالدين فيها رضى الله عنهم ورضوا عنه أولئك حزب الله

﴿ألا إن حزب الله هم المفلحون﴾ [المجادلة /22] , واتا : كەسانێكت دەست ناكەوێت باوەڕ بهێنن بە خواو بە ڕۆژی دوایی، لەكاتێكدا كەسانێكیان خۆش بوێت كە دژایەتی خواو پێغەمبەرەكەیان كردبێت، ئەگەرچی ئەو دوژمنانە باوو باپیریان بن یان نەوەیان بن یان برایان بن یان عەشیرەتیان بن، ئەوانەی كە بەو شێوەیەن (ئیمان و باوەڕیان لە هەموو كەسێك لا بە نرخترو پیرۆزترە)، خوا ئیمان و باوەڕی لەدڵیاندا چەسپاندووەو جێگیری كردووەو لە بەهرەو میهرەبانی تایبەتی خۆی، وە بە هێزو گیانێكی تایبەتی لەلایەن خۆیەوە (مەبەست قورئان و ئیمانە) پشتگیری كردوون و یارمەتی داون، سەرنجامیش دەیانخاتە باخەكانی بەهەشتەوە كە چەندەها ڕوبار بەژێر درەخت و كۆشكەكانیدا تێ دەپەڕێت، هاوڕێ لەگەڵ ژیانی بەبڕاوەدا، ئەوانە خوا لێیان ڕازیە و ئەوانیش لە خوا ڕازین، ئا ئەوانە دەستەو تاقم و حزب و لایەنی خوای گەورەن، ئاگاداربن كە بەڕاستی هەر لایەن و حزب و دەستە و تاقمی خوا سەركەوتوو و سەرفرازن.

هەروەها دەفەرموێت : ﴿يا أيها الذين آمنوا لا تتخذوا الكافرين أولياء من دون المؤمنين أتريدون أن تجعلوا لله عليكم سلطانا مبينا﴾ [النساء /144] واتا : ئەی ئەوانەی كە ئیمانتان هێناوە! پشت بەبێ باوەڕان مەبەستن و، مەیانكەنە دۆست و پشتیوانی خۆتان لەجیاتی ئەوەی پشت بە ئیمانداران ببەستن، ئایا ئێوە دەتانەوێت بەم كارەتان لە ڕۆژی قیامەتدا هەنجەتێكی ئاشكراو ڕوون بدەن بەدەستی خوداوە تا دووچاری سزای سەختی خودا ببن .

وە فەرموویەتی : ﴿ يا أيها الذين آمنوا لا تتخذوا اليهود والنصارى أولياء بعضهم أولياء بعض ومن يتولهم منكم فإنه منهم إن الله لا يهدى القوم الظالمين﴾ [المائدة /51] واتا : ئەی ئیماندارینە! ئێوە جولەكەكان و دیانەكان مەكەن بە دۆست و پەنای خۆتان و یارمەتیان مەدەن و بەرامبەر بە موسڵمانەكان پەیمانیان لەگەڵدا مەبەستن، هەر كۆمەڵێك لەوانە كۆمەك و لایەنگری ئەوانی تریانن.. ئەوانە بەڕاستیی برادەرێتیتان لەگەڵدا ناكەن، بۆیە گەر هەركەسێك لە ئێوە یارمەتییان بدات یاخود پشتیان پێ ببەستێت، ئەویش لەوان دەژمێررێت، چونكە ناگونجێت موسڵمان كاری وابكات.. هەركەسێك لەگەڵ دوژمنی موسڵماناندا پەیمان ببەستێت و بۆ خراپەكاری یەك دژی موسڵمانان یارمەتیان بدات، ئەوە ئەو كەسەیش وەكو ئەوان وایەو لەڕێگای ڕاستی ئایین لایداوەو ستەمكارە، بێگومان خودایش هیدایەتی قەومێك نادات كە ستەمكار بن .

هەروەها دەفەرموێت : ﴿يا أيها الذين آمنوا لا تتخذوا بطانة من دونكم لا يألونكم خبالا ودوا ما عنتم قد بدت البغضاء من أفواههم وما تخفى صدورهم أكبر قد بينا لكم الآيات إن كنتم تعقلون

﴿ [ آل عمران /118 ] واتا : ئەی ئەوانەی كە ئیمانتان هێناوە، لە خۆتان زیاتر، كەسێكی دیكە بە دۆست و برادەرو یاوەری خۆتان مەزانن، نهێنی خۆتان و موسڵمانانیان لا باس بكەن و پێیان بڵێن.. ئەوانە هەرچیەكیان پێ بكرێت بۆ زیان گەیاندن بە ئێوە دریغی ناكەن و حەز دەكەن هەمیشە لە زەحمەت و ئازارو نارەحەتیدا بن. ئەوانە ئەوەندە بوغزو كینەیان بەرامبەر بە ئێوە هەیە كە ئاشكرا بەسەرو زمانیاندا دیارە، ئەو بوغزو ڕقەی كە لە ناخی دڵیاندایە زۆر زیاترە لەوەی كە دەریدەبڕن.. مەبەست لەو كەسانە جولەكەو دووڕووەكانی مەدینەیە، كە هەندێك لە موسڵمانەكان چەند كەسێك لەوانەیان بە دۆست و دڵسۆزی خۆیان دەزانی و قسەیان لەلا دەكردن, ئەی موسڵمانینە! ئەوە ئەو شتەی كە ئێوە ئاگاداری نەبوون و نەتاندەزانی بۆمان ڕوون كردنەوە، تا تێیبگەن و بیزانن و ئاگادار بن لێی ...

لەكۆتاییەوە دەڵێین : حوكمی سازادنی ئەم جۆرە بەبانگ كردنەوە وڕاخستنی سفرە و خوانانە لەسەر نیەتی ئەو كەسانە وەستاوە كە سازی دەكەن، ئەگەر وەك ووتمان نیەت و مەبەست لێی بانگەواز كردنی خەڵكانی ناموسڵمان بێت بۆ سەر ئاینی پیرۆزی ئیسلام، ئەوە كارێكی باش و سوپاس كراوە، بەڵام ئەگەر تەنها نیەت و مەبەست لێی ڕاگیركردنی دڵی خەڵكانی ناموسلمان و ڕازیكردنیان بێت ئەوا دروست نیە و كارێكی نامەشروعە ...

خوای گەورەش زاناترە ..

سەرچاوە : ماڵپەڕی ئیسلام پرسیار و وەڵام ...